# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (گەڕانەوە بۆ شار و K.TV)

## (١)

بۆ ماوەیەکی کورت، بەغدا نیمچە حکومەتێکی دانایەوە، ئەو کاتە مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی جارانیان کردبووە بارەگای پارێزگا، ژمارەیەك هونەرمەندیان بانگهێشت کردبوو بۆ ئەوێ، پاشان زانیم ئەوانە (لە بێ خەبەران کەشکەك سەڵەوات)، دیارە (نە بایان دیوە، نە باران)، دەنا کەی کاتی ئەوەیە بیر لە بۆنەی (ڕۆژی سلێمانی)، یان ڕۆژی پارێزگای سلێمانی بکەنەوە. چوومە ژووری چوار پێنج ریز کورسییان لە دوای یەك ریز کردبوو، بەرامبەر مێزێك کە لە پشتیەوە پارێزگاری ئەو کات و یەك دوو عەرەب دانیشتبوون، دیار بوو یەکێکیان کە لە دەستی ڕاستی پارێزگارەوە بوو، بەرپرسی (ئەمن) بوو، منیش ڕووم لە دوایین ریز کرد و بێدەنگ لێی دانیشتم، پارێزگار بەخێرهاتنی کردو لەبەرم هەستاو فەرمووی چوونەپێشەوەی لێکردم و بە عەرەبی بە دەستە ڕاستەکەی وت: ئەوە فڵانە کەسە کە دەبوو لەسەرووی ئێمەوە دانیشێ. ئیتر خوا هەڵناگرێ ستایشێکی زۆری کردم.



دیارە ئەو پیاوە لە بنەماڵەیەکی هەرە بەرزی خانەدانی وڵاتەکە بوو، لەوانەی بە ڕێز و شەرەفمەندی گوش دەکرێن، بەڵام ئەگەر بەخت یاری بوایە لەو ڕۆژانەدا ئەو ئەرکە گرانەیان پێ نەدەسپارد، ئەمە وەك ئەوە دەهاتە بەرچاوم، کە باشترین کەشتیوانی هەواڵە بیابانێکی وشك و برنگ بکەیت و فەرمانی دەستبەکاربوونی پێدەیت، جەناب حەز دەکەم بزانن گەر بتانەوێ تەنانەت زۆرناژەن و دەهۆڵژەنێك لە چوارقوڕنەوە بهێنن، مەحاڵەو لێت دەبنە (هەناری شیرینە)، کەواتە هەرلێی گەڕێن باشترە، چونکە پیاوێکی بە ئەزموون و دونیادیدە بوو، خێرا لە مەبەستەکەم حاڵی بوو، ئیدی لەسەری نەڕۆیشت و کۆتایی پێهێنا، پاش چەند ڕۆژێ بۆ جارێکی دیکە حکومەتەکەی بەغدایان قڵپ کردەوە و ئیدی ئەو شەقەی لە قوونی خۆی هەڵدا، ببڕای ببڕە نەهاتەوە.

سەر لە نوێ لەلایەنی بەرەی نیشتمانییەوە کاروباری هەرێم بەڕێوەچوو، پەرەمان دا بە ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان و لە ماوەیەکی کورتدا سەرانسەری کوردستانی گرتووەو بووە گەورەترین ڕێکخراوی هونەرمەندان کە جگە لە هونەرمەندانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هونەرمەندانی حزبی شیوعی و پاسۆك و حسك و لایەنانی دیکەشی لە خۆ گرت.

لەسەر داوای هەڤاڵ (نێچیرڤان بارزانی) داوای سەردانی سەرکردایەتیم لێکرا، کاتێ بە دیداریان گەیشتم، پێشنیاریان وابوو ئەرکی بەرپرسیاریەتی تەلەفزیۆنی کوردستان تی ڤی (K.TV) لەئەستۆ بگرم، منیش تکام لێکردن بەو مەرجانە ئامادەم:

یەکەم: بۆ هیچ کەسێك نەبێ دەست بخاتە کارەکەمەوە، یان ڕێنماییم بکات.

دووەم هیچ بابەتێکم بەسەردا نەسەپێنن.

سێیەم: کەناڵەکە لە بابەتی توندوتیژی و یادکردنەوەی شەڕ و کوشتار بپارێزم.

پاش ئەوەی بە دڵ گوێی لە مەرجەکانم گرت، فەرمووی: ئەوە بۆ یەکەم مەرج لەگەڵتم، بۆ

# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

دووەمیان حەز دەکەم پتر روون بێت، ئەوە سەبارەت بە سێیەمیان ئەوەشی رەوایە، سوپاسم کرد و دەربارەی دووەم مەرجیش گوتم: رەنگە زۆر جیاوازی لە نێوانی روانگەی من و سیاسەتمەداردا هەبێت، چونکە من لە چاوی فراوانترین جەماوەرەوە لە بابەتەکان دەڕوانم، بەڵام سیاسەتمەدار پتر پەیوەستە بە پەیامە تایبەتییە حزبییەکەوە، یان پوخت بەرژەوەندیی حزبییەکە، رەنگە ئەو بە رەوای بینی پتر کاتەکە تەرخانی سەرکردە و رابەرێك بکەم، هەرچۆن جاران دەمانبینی (لە داڵەوە بۆ داڵ)، من وا ناکەم ئەوە شاعیرێکی دێرینی (عەرەب) لە شیعرێکدا گوتوویەتی کە بە کوردی وا دەگەیەنێ: (ئەگەر شەوانەش خۆر ببینرایە رەنگە بایەخی لە دەست بدایە). هەروەها لە بارەی شەڕ و ئاشۆب و بینراوی توندوتیژییەوە، دەبێ هەتا بکرێ پیشان نەدرێ، نامەوێ شەڕ و کوشتار بخزێنە نێو بنمێچی ماڵەکانەوە، ژن و پیر و منداڵ چ گوناهێکیان کردووە هەتا ئەو سزایە بدرێن؟ تەنانەت (ئەنفال) و کیمیاباران و رەشبکوژی. ئێمە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشەوە هەتا راپەڕین هێندە تاوانی (جینۆساید)مان بینیوە، چەندین نەوەی گرفتاربوومان بە چەشنەها نەخۆشیی دەروونی لێدروست بووە، دەسا با نەهێڵین و بەربەست بین لەبەردەم وەیشومەی ئەو هەستە ژەهراوییە بۆ نەوەی دوای راپەڕین. بە رای من جگە لە لایەنی رۆشنبیر و پەروەردەکردن لە رێگای تەلەفزیۆنەوە، دەبێ بە چاکی رەچاوی چێژی خۆشی بەخشین بە بینەران بکرێ، کەواتە هەندێ باری سیاسەت هەیە هەر نەبێ دەبێ لە پاشکۆدا جێگای ببێتەوە. بەڕێزیان سەرەی رەزامەندی بۆ لەقاندم، ئیدی منیش گوشاد بووم بە ئاکام و ئایندەمان.

کەناڵەکەمان کەوتە کار و ئەو دەمەش رۆژانی گەرموگوڕیی هەڵبژاردن بوو، شەو و رۆژی حەڤدە سەعات پەخشمان دەکرد، ناچار بووین (ئیرکۆندیشن) لە پشتیەوە دابنێین بۆ ئەوەی نەسووتێ، هەرچەندە جاروبارەش کارەباکەیان بە دەستی ئەنقەست دەکوژاندەوە، ناچار کەوتینە دۆزینەوەی و ئاشکرامان کرد، بەداخەوە زۆر کردەوە رۆژ بە رۆژ قوت دەبوویەوە، گشتیان دەبوونەوە کەمکردنەوەی پیرۆزی خەرمانەی خەباتی گەلەکەمان.. بە داخەوە.

هەر لە بارەی کەناڵەکەمانەوە شەوێکیان چەند هەڤاڵێکی سەرکردایەتیمان سەردانی سلێمانییان کرد و بۆ شەوێ لە ماڵی هەڤاڵ کاکە (دکتۆر رۆژ) میوان بوون، درەنگ وەختانی فەرموویان بۆ سەردانی بنکەی پەخشی تەلەفزیۆنەکە نەکەین، وتمان سەرچاو، هەڤاڵان شەهید سامی عەبدولڕەحمان و شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و هەڤاڵ کاك قادر قادر و شەهید خاڵە عەفان بەرەو گۆیژە چووین و سوپاسی ئەو رێکوپێکی و پاسەوانییە باشەیان کرد کە بەتالیۆنێکی هۆزی (مەنمی) لە ئەستۆیان گرتبوو، بەڕێز هەڤاڵ (د. رۆژ) ئافەرینی ئاراستەی هەمووان کرد.

هەر بەم بۆنەی خەمی تەلەفزیۆنییەوە، حەز دەکەم رووی زارم بکەمە برا و خوشکە میدیاکارەکانم و بڵێم: هەر شتە بە خۆی و خوێش بەمەعنا، نە زیاد نە کەم، (شکسپیر) لەسەر ئەو فەلسەفەیە شانۆیی (ئۆتێللۆ)ی داڕشتووە (هەر شتە لە رادەی خۆی بەدەر بێ، بەپێچەوانەوە دەشکێتەوە)، کەواتە (نە شیش بسووتێ نە کەباب)، (لە داڵ هەتا دڵەکەی) سەردەمی رژێم مەهێننەوە ئارا، با سەرەکەکانمان بپارێزین و لە شکۆیان کەم نەکەینەوە، یان با جڵە بۆ خەستکردنەوەی شتەکان راگرین و لە بری داڵ هەتا داڵ، نەگۆڕین بە (لە داعشەوە هەتا داعش) با نەهێڵین خوا نەخواستە بینەرانمان لێ بڕەنجێ.

**ناچار بووین (ئیرکۆندیشن) لە پشتیەوە دابنێین بۆ ئەوەی نەسووتێ، هەرچەندە جاروبارەش کارەباکەیان بە دەستی ئەنقەست دەکوژاندەوە، ناچار کەوتینە دۆزینەوەی و ئاشکرامان کرد، بەداخەوە زۆر کردەوە رۆژ بە رۆژ قوت دەبوویەوە، گشتیان دەبوونەوە کەمکردنەوەی پیرۆزی خەرمانەی خەباتی گەلەکەمان.. بە داخەوە**

**چەندین نەوەی گرفتاربوومان بە چەشنەها نەخۆشیی دەروونی لێدروست بووە، دەسا با نەهێڵین و بەربەست بین لەبەردەم وەیشومەی ئەو هەستە ژەهراوییە بۆ نەوەی دوای راپەڕین**



## ئەحلام حەجی:

# غەدریان لە سعەد کرد

خانمە راگەیاندکار و شاجوانی پێشووتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەحلام حەجی بەرگری لە سعەد ئەلمجەرد کردو ئەو کێشەیەی لە پاریس دووچاری بووە بە پیلانێکی داڕێژراو دانا کە چەند کەسێکی شارەزا لەو بوارەوە دژیان ئەنجامدا بۆ دەستکەوتنی بڕێك پارە.

ئەحلام لە لێدوانێکدا سەبارەت بە دەستگیرکردنی سعەد وتی: ئەگەر بە وردی لە کێشەکە بروانین چەند نیشانەیەکی پرسیار دەردەکەون، چونکە وا پێدەچێت ئەو کەسەی پیلانی بۆ داناوە ماوەیەکی زۆرە لە بۆسەدا بووە بۆ سعەد بەڵگەشمان ئەوەیە کە دوای دەستگیر کردنی بە دەیان وینەگر ئامادە بوون بۆ وێنەگرتنی سعەد لە کاتی دەستگیر کردن بۆ ئەوەی هەواڵەکە زوو بڵاوبکرێتەوە وناو وناوبانگی سعەدی پێ لەکەدار بکرێ.

ئەحلام زیاتر وتی: ئەوەی سعەد لە نزیکەوە بناسێت دەزانێت ئەوەی دەربارەی وتراوە هیچ راست نییە، چونکە ئەو لە خانەوادەیەکی بەناوبانگ پەروەردە بووە و توانیی لە کاتێکی زوودا ناوبانگێکی هونەری باش بۆ خۆی پەیدا بکات و سەرکەوتوو بێت ئەمەش وایکردووە کە کەسانێك پەست بن بە سەرکەوتنەکانی و هەوڵ بدەن بڕە پارەیەکیان دەستکەوێت لە رێگای پلانێکی داڕێژراو.

شایەنی باسە لە مانگی ئۆکتۆبەری رابردووەوە گۆرانیبێژی مەغریبی سعەد ئەلمجەرد لە پاریس دەستگیر کراوە بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر کچێك بە ناوی لۆرال پریۆل و تا ئێستا دادگا بڕیاری لە کەیسەکە نەداوە.



# ئیتاڵیا
# مافی پەنابەرێتی بە دی نیرۆ دەدات

سەرۆکی شارەوانی شارێکی ئیتاڵیا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پێدانی مافی پەنابەرێتی بە ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد رۆبیت دین بیرۆ، دوای ئەوەی رایگەیاندبوو ئەگەر ترەمپ ببێت بە سەرۆکی ئەمریکا ئەوا ئەمریکا بەرەو ئیتاڵیا جێدەهێڵێت.

لە سەروبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا رۆبرت دی نیرۆی بە رەچەڵەك ئیتاڵی هەڵمەتێکی بەهێزی دژی ترەمپ دەستپێکرد، دوای سەرکەوتنی ترەمپ دی نیرۆ رایگەیاند کە هەست بە خەم و دڵتەنگییەکی زۆر دەکات، بۆیە ئەنتۆنیو سیریۆ سەرۆکی شارەوانی فیراتسانۆ لە باشووری ئیتاڵیا رایگەیاند: هەر کاتێك دێت بە خێر بێت، ئێمە ئامادەین بە سنگێکی فراوانەوە پێشوازیی لێبکەین.

دی نیرۆ ئەوەشی راگەیاند کەوا چاوەڕێ دەکات پێشهاتەکان چۆن دەبن دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی ئەمریکا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەو رێرەوەی کە ئەمریکا لە ساڵانی داهاتوو لەسەر دەڕوات لەژێر فەرمانڕەوایی ترەمپ و ئەو کات بڕیار دەدەم.




# ئەنۆشکا هۆڵیۆد رەت دەکاتەوە

خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد ئەنۆشکا شارما رایگەیاند کە تا ئێستا چەندین جار سیناریۆی پێشکەش کراوە بۆ بەشداریکردن لە چەند فیلمێکی جیهانی، بەڵام ئەو رەتی کردوونەتەوە و رازی نەبووە بەشدارییان تێدا بکات ئەمەش وەك رێزێك بۆ بۆڵیۆد.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی هندۆستان تایمز رایگەیاند: پەلەی نییە لەوەی بۆڵیۆد تێپەڕێنێت و بگاتە ئاستی جیهانی و هەر کاتێك بە باشی زانی ئەوا رازی دەبێت، ئەنۆشکا هەروەها دەڵێ: ئەکتەر دەتوانێت لە هەر سینەمایەك کار بکات جا لە هۆڵیۆد بێت یان لە سینەمای کۆریا و تەنانەت لە سینەمای دەوروبەریشمان بێت، بەڵام ئەمە دەمێنێتە سەر ئەو رۆڵەی کە سەرنجت رادەکێشێت بە جۆرێك تێیدا بتوانی توانای خۆی دەربخەی وەك ئەکتەرێکی پیشەگەر.

شارمای تەمەن ٢٨ ساڵ کە بە یەکێك لە ئەکتەرە هەرە سەرکەوتووەکانی بۆڵیۆد دادەنرێت و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە هیندستان و وڵاتانی عەرەبی، ستایشی هەر یەکە لە دیبیکا بادکۆن و بریانکا شۆپرا کرد کە بەم دواییە لە هۆڵیۆد بەشدار بوون و فیلمەکانیان سەرکەوتوو بوون.




# بە دروشمی (ئاشتی و پێکەوەژیان)

## هەولێر دووەمین دیداری نێودەوڵەتی سینەمایی دژ بە تیرۆری لە ئامێز گرت

لەماوەی دوو رۆژدا، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر، بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر/بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر، بە دروشمی (ئاشتی و پێکەوە ژیان) دووەمین دیداری نێودەوڵەتی سینەمایی دژ بە تیرۆری لە هەولێری پایتەخت سازکرد، کە هاوکات بوو لەگەڵ یادی ١٣ ساڵەی کارەساتەکەی ١ی شوبات سەبارەت بە دیدارەکە و بەشداربووانی دیدارەکەش بەم شێوەیە هاتنەئاخاوتن.

سەرەتا فەرهەنگ غەفور بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر گوتی: تیرۆر کە بووەتە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر جیهان و کوردستان و ناوچەکە، هەموو کەسی بە گێژاو تاوانەکانی سەرقاڵ کردووە، گەلی کورد بە خوێنی رۆڵەکانی بەرگری لە بوونی خۆی کردووە، سینەماش رۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان.

هیوا سوعاد سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر، گوتی: لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا ویستیان تاریکی باڵ بەسەر وڵاتەکەماندا بکێشێت و وڵاتیان خەڵتانی خوێن کرد، بەڵام بە بازووی پێشمەرگە و ئەفراندنی هونەرمەندان وڵات هەمیشە ئاوەدان و گەشاوە مایەوەو ناحەزانیش شکست بەشیان بوو.

پشتیوان عەبدوڵلا بەڕێوەبەری دیدار دەڵێت: لەبەر ئەوەی سینەما رەنگدانەوەی واقیعی ژیانە و نزیکترین هونەریشە لە مرۆڤ کە دەتوانێ بچێتە ناخ و هەستیەوە، بۆیە هەڵگری باشترین پەیامی بەگژداچوونەوەی هزری توندڕەوییە لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی پڕ لە ئارامی و ئاشتی و پێکەوەژیان. ئامانجمان وایە لە خولی داهاتوو و ساڵانی ئاییندە، دیدارەکە فراوانتر بێ و ببێ بە فیستیڤاڵ بۆ ئەوەی بەردەوام فیلم و بەرهەمی سینەمایی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی هزری توندڕەوی و بیری تەسك ئەنجام بدرێت و سینەما پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی خۆی بڵاو بکاتەوەو هەموومان لە رێگەی هونەری سینەماوە پەیام و خەونی جوانی مرۆڤ لە پێناو داهاتوویەکی گەش بڵاوبکەینەوە.

مەهدی عەباس سەرۆکی لیژنەی دادوەری فیستیڤاڵەکە لەبارەی کاریگەری فیستیڤاڵەکە لەسەر گۆڕینی هزری توندڕەوی کۆمەڵگە گوتی: ئەمڕۆ سینەما یەکێك لەو بوارانەیە کە دەتوانی کاریگەری لەسەر شەقام دروست بکات، لە جیهان سینەما توانی زۆر بیرۆکە بێنێتە ئاراوەو کاریگەری لەسەر سیاسەتیش هەبێت، ئامانجی ئەم دیدارەش ئەوەیە کە دەیەوێ لە رێگای سینەماوە بە جیهان بڵێ ئەو رۆڵەی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، کاریگەرییەکی بەهێزە، ئێمەش دەمانەوێ لە رێگەی فیلمەکانەوە هزری توندڕەوی تا حەددێك لەناو ببەین.

شاخەوان مستەفا بەڕێوەبەری هونەری سینەمای هەولێر، سەبارەت بە گرنگیی بەڕێوەچوونی ئەم دیدارە لەم سات و وەختەدا، گوتی: بوونی ئەم دیدارە لەم کاتەدا زۆر پێویستە، چونکە کوردستان لە شەڕێکی دەستەویەخەدایە، بۆیە پێویستە ئێمەی هونەرمەندان پاڵپشتی پێشمەرگەی کوردستان بکەین، ئەمەش بە هزرو لایەنی رۆشنبیری دەبێ، بۆ ئەوەی بتوانین تیرۆر کاڵ بکەینەوە و مەترسیی تیرۆر پیشانی جیهان بدەین.

شاخەوان مستەفا زیاتر گوتی: لە رووی کارگێڕییەوە هاوکاری بەڕێوەچوونی ئەم دیدارەمان کردووە، بەڵام ئەگەر بێتو وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەم کارەی هەستێت و حکوومەت هاوکاریمان بکات، ئەوا ساڵی داهاتوو بەشێوەیەکی جوان و باشتر درێژە بەم دیدارە دەدەین و سێیەمین دیداری سینەمایی ساز دەکەین. هیچ فیستیڤاڵێکیش بەدەر لە کەموکوڕی نییە، راستە ئەم دیدارەش هەندێك کەموکوڕی تێدابوو، بەڵام ئەگەر کۆی گشتی سەیربکەین، بەشداری ٩ وڵات و ئەو هەموو فیلمە، ئینجا خەڵات دابەشکردن و هاتنی میوانێکی زۆر، ئەوە مانای ئەوەیە دیدارێکی باش و سەرکەوتوو بوو.

هونەرمەند ناسر حەسەن کە وەك راوێژکاری دیدار بەشداری کرد، سەبارەت بە بیروبۆچوونی لەسەر دیدارەکە، لە لێدوانێکی تایبەت گوتی: ئەم دیدارە کە ماوەی دوو رۆژی خایاند، بە بەشداری ٣٠ فیلم لە ٩ وڵاتەوە بەڕێوەچوو، لەوانە سویسرا و بەلژیکا، سووریا، میسرو سربیا بێجگە لە فیلمی کوردی و عێراقی، هەڵبەتە ئامانجمان کۆکردنەوەو چاوپێکەوتن و راگۆڕینەوەی دەرهێنەرو هونەرمەندان بوو، بەمەبەستی زیاتر برەودان بە کاری هونەری. لەبارەی پرۆژەی داهاتووشیان، ناسر حەسەن گوتی: لە داهاتوو پرۆژەیەکمان هەیە ئەویش ئەو دیدارە ببەینە شارەکانی دیکەی کوردستان، دواتریش بۆ شاری بەغدا، چونکە زۆربەی فیلمەکان کوردین و باس لە تیرۆر دەکەن.

**ستافی کاری دیدار بریتی بوون لە:**

هیوا سوعاد   سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان /هەولێر

شاخەوان مستەفا   بەڕێوەبەری هونەری سینەمای هەولێر

ناسر حەسەن   راوێژکاری هونەری دیدار

پشتیوان عەبدوڵلا   بەڕێوەبەری دیدار

وشیار زێرۆ   بەرپرسی تەکنیکی دیدار

سیناو سامر   بەرپرسی پێوەندی و هەماهەنگیی دیدار.

**خەڵاتەکان:**

- باشترین فیلمی کوردی، فیلمی (مایکرۆفۆن) لە دەرهێنانی کەریمۆك.
- باشترین فیلمی عێراقی، فیلمی (جوان) لە دەرهێنانی عەلی ئەلجابری.
- باشترین فیلمی بیانی، فیلمی (یاسمین) /سووریا، لە دەرهێنانی موهەنەد کەلسوم.
- باشترین فیلمی دیکیۆمێنتی، فیلمی (دیاب) لە دەرهێنانی مازن شیربەیانی.
- باشترین ئەکتەر، هونەرمەند شادی ئەلسەفەدی (سووریا) لە فیلمی (صرخه الامل)
- باشترین بیرۆکەو سیناریۆ و دەرهێنان، فیلمی (٨) (سربیا) لە دەرهێنانی ئاسیم فاسیج.
- خەڵاتی دادوەران درایە فیلمی (هروب) (عێراق) لە دەرهێنانی زولفیقار موتیری.

لیژنەی دادوەرانی دیدار بریتی بوون لە:

- مەهدی عەباس، سەرۆکی لیژنە
- دلبرین موسا، ئەندامی لیژنە
- فەرزین کەریم، ئەندامی لیژنە